# سەرکەوتووبێت ڕاپەڕینی جەماوەری کەلار

**بنار مستەفا**

نارەزایەتیە جەماوەریەکانی خەڵکی کوردستان بەردەوامە و هەمیشە لە پەرەسەندندایە. ڕێپێوانەکان و خۆپیشاندان لە سەرتاسەری کوردستاندا درێژەی هەیە دژ بە گەندەڵی ئیداری و لە پێناو بە دەستهێنانی سەرەتایترین مافی ژیان وەک ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری...هتد. دوێنێ خەڵکی کەلار هاتنە مەیدان. ئاسایشەکەی دەسەڵاتی ی.ن.ک وەک پیشەی هەموو جارێکیان بە تەقە و لێدان وەڵامی داخوازیەکانی خەڵکیان دایەوە، و کەسانێکی زۆریان لێ بریندار کردن، کە هەندێکیان برینەکانیان زۆر سەختە. بەمەش ناوەستن بەڵکو تاوانیان خستنە پاڵ، بە کۆمەڵ بەیاننامەی هاوبەشیان لەسەر دەردەکەن و هێرشی ڕاگەیاندن دەکەنە سەریان، بە گێرەشێوێن و ئاژاوەچی ناویان دەبەن، پاشانیش لێیان زیندانی دەکەن و پێیان دەڵێن "چەند کەسێک فرسەتیان قۆستەوە بۆ ئاژاوە نانەوە."

بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدارەکان، کوردستان وەک موڵکی خۆیان سەیر دەکەن و تەسەروفی پێوە دەکەن، هەموو سەرەت و سامانی وڵات لە خزمەتی خۆیاندا تەرخان دەکەن. خەڵکیش لە هەموو شتێک بێ بەشن و ژیانیان ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر دەبێت. دەسەڵاتداران تەنانەت پارویەک نان بۆ منداڵان بە ڕەوا نابینن، ئاو و کارەبا بۆ خەڵکی بە پێویست نازانن. کاتێکیش خەڵکی کەلار لەوپەڕی گەرمای هاویندا لە پێناو داخوازیە سەرەتایەکانیاندا ڕێپێوان ڕێکدەخەن و دێنە مەیدان، بەو شێوە دڕندانەیە، وەک دەزگاکانی بەعس سەرکوتیان دەکەن و بەر فیشەکیان دەدەن.

بەرپرسانی دەسەڵات کاسپی بە سەرووت و سامانی کوردستانەوە دەکەن و جگە لە گیرفان پڕکردن و سەرکوتکردنی خەڵکی هیچ کارێکی دی لە ئەستۆی خۆیان ناگرن. خەڵکیش لە ناخۆشترین بواردا ژیان دەگوزەرێنن، ئەوەتا لە پێناو ئاو و کارەبادا ڕێپێوان دەکەن، ئەمە بەسە بۆ تێگەشتن لە چۆنیەتی باری ژیانی خەڵکی، کە لە چی هەلومەرجێکدا ژیان بەسەر دەبەن. دەسەڵاتێک کە ئامادە نییە ئاوڕ لە سەرەتایترین داخوازی خەڵکی بداتەوە، ئاشکرایە کە ئەم دەسەڵاتە خۆپەرستە ڕووبەڕووی نارەزای خەڵکی دەبێتەوە و دەیگەیێنێتە ئاستی ڕاپەڕین. هەلومەرجی دژواری خەڵکی ڕانیە، قەڵادزێ، سلێمانی، کەلار... هتد. گەشتە ئاستێک کە لەوە زیاتر تەحەمول نەدەکرا، بۆیە ئەو ڕاپەڕینانەی لێ کەوتەوە. خرۆشانی جەماوەر ترسی خستە دڵی بەرپرسانی دەسەڵات. باوەڕ ناکەم کە ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی کەلار دوا ڕاپەڕین بێت دژی دەسەڵاتە هەربێنەکەی کوردستان.

سەرووت و سامانی کوردستان کەم نییە، نەک هەر بۆ خەڵکەکەی، بەڵکو بەشی تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە دەکات. ئەوەتا بەرپرسانی حزبی دەسەڵاتی گەیاندۆتە ئەو ئاستە دەوڵەمەندیە. بۆ ئاو و کارەبا بۆ خەڵکی ڕەوا نەبێت؟ بۆ دەبێت خەڵکی لەو هەموو سەرووت و سامانەی دەوڵەت بێ بەشبن و لەو پەڕی ئاستی هەژاریدا بژین؟ ئاخۆ خەڵکی کەمترە لە بەرپرسانی دەسەڵات؟

بۆ گەشتن بە خواستە سەرەکییەکانی خەڵکی پێویستە نارەزایەتی بەرامبەر دەسەڵاتداراندا هەمیشە بەردەوامبێت، خۆپیشاندان و ڕێکخستنی ڕێپێوان بە بەردەوامی درێژەی هەبێت، دووبارەبوونەوەی لە جۆری ئەم چەشنە ڕاپەڕینانە چرایەکی گەشە بۆ ئومێدی باشبوونی ژیانی گوزەرانی خەڵکی.

دەسەڵات چەنێک زۆردار بێت و دڕندەبێت، لەبەرامبەر هێزی یەکگرتوی خەڵکیدا تەواو بێ هێز و زەلیلە. خەڵکی کەلار دوێنێ ئەم ڕاستیەیان بۆ جارێکی دی سەلماند.

8.9.2005

bnarmustafa@yahoo.co.uk